# بانگەواز :

## کەمپین بۆ بەرهەڵستکاری بەرامەر دەنگدان لەکوردستاندا.

بۆ هەموو پارت و رێکخراوە کوردستانییەکان (( هەموو ئەو پارت و رێکخراوانەی خۆیان بە 'ترکی، ئێرانی، ئێراقی و سووری نازانن))، بۆ هەموو رۆشنبیرانی نیشتمانی کوردستان، بۆ هەموو تاکێکی مرۆڤدۆستی کوردستانی.

کوردستان فرۆشەکان وا جارێکیتر داوا لەخەڵکی مافخوراو و رەشورووتی کوردستان دەکەن کە دەنگیان پێبدەن بۆ بەردەوام بوون لەخیانەتکردن بەخاک و نیشتمان و، تالانکردن و زەوتکردنی مافی هاونیشتمانی کوردستان.

بۆ رێگرتن لەم ستەمکارانە؛ ئەرکی سەرشانی هەموو رۆشنبیر و خەمخۆرێکە، کە کۆببێتەوە و ببێتە ئەو دەنگە راستەقینەیەی گەل و نیشتمانی ستەملێکراومان، هاواری بۆ دەکات.

ئێمە ئەمرۆ ئەرکێکی مرۆیی و مێژووییمان لەئەستۆیە، بۆ نەهێشتنی ئەم زوڵمەی 18 ساڵە بەردەوامە لەلایەن ئەم دەسەڵاتە بێباکانەوە.

هەرکەس و هەر لایەنێکی دڵسۆز و خەمخۆری کوردستانی؛ کە پێی ستەمە رێدەر و رێخۆشکەربێ بۆ ئەم ستەمکارە، گەندەڵە، چاوبرسییانە و، نایەوێت مەیدانیان بۆ ئاوەڵەبێت بۆ بەردەوامبوون، لەپێشێلکردنی مافی مرۆیی خەڵکی کوردستان و، لەبەتالان بردن و دزینی سەروەت و سامانی نیشتمانی کوردستان؛

با بەیەک دەنگ و پێکەوە کەمپینێک سازبدەین، کە چیتر خەڵکی فریو نەدەن بۆ ئەوەی دەنگیان وەربگرن بۆ خۆ بەفەرمیکردن، با خەڵکی کوردستان دەنگ نەداتە هیچ پارتیکی ئێرقی، کە ئەمرۆ لەژێر ناوی کوردی و زمانی کوردیدا خۆیان حەشارداوە. ئەمانە ئێراقین؛ ئێراق داگیرکەری خاکی کوردستانە!

تکایە ئەم ' E-mail' بۆ پەیوەندیە Kampin_1@yahoo.no